# نە نالی حەبیبەی خواستووە و نە حەبیبەش بە ئەوینی نالی گرفتار بووە

**بەشی سێیەم**

نالی لە شیعرێکی تریدا و بە ماوەیەکی تا ڕادەیەک زۆر دوای ئەو دوو شیعرەی کە لێ یانەوە دووام دەڵێت : (نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ . . نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ ) . وەک لەم دیوانەدا و لە لایەن مامۆستایان مەلا عەبدول کەریم و ئەوانەوە لێک دراوەتەوە , کە گوایە نالی دەڵێت : (بەڵێ ئەمجارە بێ تۆ نەمردم ) , دوورە لە لێکدانەوەیەکی ڕاست و بۆچونێکی دروست لە سەر ئەو نیوە دێڕی یەکەمە لە شیعرەکەدا . نالی زۆر بە ڕۆشنی و بە ئاشکرا دەڵێت : ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ نەمردم , نەک – بەڵێ ئەمجارە بێ تۆ نەمردم – . ئەڵبەتە لە سەر ئەم شیعرە مشت و مڕێکی زۆرکراوە , بەڵام تا ئێستا بە ئەنجامێکی دروست نەگەیشتووە . بە ڕای من وشەی – ئەم خوارە = لێرەدا بێ مەلامەت نییە. وشەیەک نییە لە خۆڕا نالی, ئاوا بە سادە و ساکاری بەکاری هێنابێت . ئەم وشەیە هێما بۆ شوێنێکی زانراو دەکات . من وای بۆ ناچم کە ئەم شوێنە زانراوە تەنیا شوێنێکی پەنامەکی بووبێت و , نالی و حەبیبەی تیا گرتبێتە خۆ . واتە شوێنی تایبەتی بە یەک گەیشتنی نالی و حەببە نییە . چونکە حەبیبە بە ئەوینی نالی گرفتار نەبووە تا ژوانی لەگەڵدا بکات . شوێنێکی گشتی بووە و بەڵام دیارە تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەبووە لەگەڵ شوێنە گشتییەکانی تردا . کەواتە وشەی – ئەم خوارە – لەویادا بۆ شیعری نالی زۆر سادەیە , ئەگەر خۆی لە خۆیداناوێکی سەربەخۆ نەبووبێت بۆ شوێنێکی گشتی و تەنانەت خۆشەویستیش لە دڵی نالی دا . نالی لە شیعرەکەدا ناڵێت شەرتە نەچم هەتا – ئەم خوارە – ش بێ تۆ . واتە پیتی – ش – لە دوای =خوارە– وە دانانێت , تا پێمان بڵێت کە ئەو زۆر جار لەگەڵ حەبیبەدا پێکەوە بۆ زۆر شوێن ڕۆیشتوون و شەرت بێ لەمەودوا ئیتر تەنانەت تا –ئەم خوارە –ش کە شوێنێکی زۆر نزیکە بێ ئەو نەڕوات . نا , نالی لەبەر خاتری لەنگ نەبوونی شیعرەکەی ئەم پیتی –ش– یەی نەپەڕاندووە . چونکە ئەگەر وابوایە ئەیتوانی دێڕەکە بە جۆرێکی تر ڕێک بخاتەوە و لە بە کار هێنانی ئەو پیتی –ش–ەدا , لەنگییەکە تێپەڕێنێ . نالی کەسێک نەبووە لەسەر ئەو حاڵەتانە لە شیعر داناندا پەکی بکەوێت . ئەگەر –خوارە– ناوی ئەو شوێنە گشتییە بووبێت , ئەوا هەم نزیک بووە و هەم زوو زووش خەڵکی بۆ چووە . ئەمە جگە لەوەی کە شوێنێکی لە دڵا شیرین بووە بۆ نالی . ئەوەی کە جێگەی سەرنجە نالی لەم دێڕە شیعرەدا کە دەڵێت (شەرتە نەچم هەتا ئەم خوارە بێ تۆ ) . ئەگەر سەر پێییانە بۆی بڕوانین , دێڕەکە ئاماژە بەوە دەکات کە نالی کاتی خۆی لەگەڵ حەبیبەدا زۆر چوو بێت بۆ ئەو شوێنە . واتە نالی و حەبیبە ئەگەر بە ئاشکرا بووبێت یان بە نهێنی , هامشۆو ڕۆت و ژووان و قسە کردنیان بە یەکەوە زۆر بووە . گوایە دەبێت هەم حەبیبە نالی خۆش ویستبێت و هەم ئازادییەکی تەواویش لە لایەن کۆمەڵگاوە بۆ ئەو دووانە فەراهەم کرابێت ! . نە نالی ئەم دێڕەی ئاوا بە سادەیی داناوە و نە ئێمەش دەبێت ئاوا ڕاگوزارییانە ئاوڕی لێ بدەینەوە . نالی دەیەوێت ئەوە بڵێت کە ئیتر لەمەودوا نایەوێت بچێتە ئەو شوێنە , لە بەر ئەوەی حەبیبە شووی کردووە و بۆ شوێنێکی تر چووە , وە ئیتر ناتوانێت , بە هەر هۆیەکەوە بێت , وەکو جاران و وەکو ئەو هەموو خەڵکەی تر سەردانی زوو زوی ئەو شوێنە بکات کە –خوارە – یە . لەوانەیە چوونی زوو زووی نالی بۆ ئەو شوێنە , جێگای سەرنجیش بوو بێت لە لایەن خەڵکەوە , بۆیە نالی بە ئاشکرا دەڵت : (شەرتە نەچم هەتا ئەم خوارە بێ تۆ ) . یانی نالی

دەزانێت ئەم کەین و بەینەی دڵی خۆی دەربارەی حەبیبە لەوە دەرچووە کە لە خەڵکی بشارێتەوە , بۆیە بە ئاشکرا ئەم ڕازەی خۆی لە پەیوەند بەو شوێنەوە باس دەکات . دیارە ئەو شوێنە هێندە گشتی بووە و هات و چۆش بۆی هێندە ئازاد
بووە کە لۆمەی هیچ کەسێک بۆ هیچ کەسێکی تر لەو بارەیەوە قەبوڵ نەکراوە . ( نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ . . نەچم , شەرت بێ , هەتا ئەم خوارە بێ تۆ ) , واتە ئەگەر ئەمجارە و پاش ئەم کۆچەی تۆ ما م و نەمردم , شەرت بێ ئیتر نەچم بۆ ئەم شوێنە گشتییە ( خوارە ) و ئەو خۆشییە لە خۆم کۆتا بکەم . نالی ئیتر ناڕواتە ئەو ( خوارە ) , چونکە ئەو ( خوارە ) ئیتر بێ حەبیبەیە . لە دێڕەکەیدا ڕۆشنە کە بۆیە نایەوێ بڕواتە ئەو خوارە چونکە ئەگەر پڕیش بێت لە خەڵک , حەبیبەی تیا نابێت . نالی ناڵێت شەرت بێ نەچم هەتا تۆم لە گەڵدا نەبیت , بەڵکو شەرت ئەکات بەوەی کە هە تا ئەو (خوارە ) بێ حەبیبە بێت ( واتە حەبیبە لەوێ نەبێت ) , ئەم نەچێت . ئێ حەبیبە تازە شووی کردووە و ڕۆیشتووە , کەی و چۆن و بە چ دڵێکەوە دێتەوە بۆ سەردانی ئەو شوێنە , لای نالی و هیچ کەسێک زانراو نییە . ئەمە جگە لەوەی کە نالی بە حوکمی ئەوەی مەلایەکی بڕوادار بووە بە ئاینی ئیسلام ناتوانێت وەکو جاران سات و سەودا لە گەڵ خۆشەویستی حەبیبەدا بکات , چونکە حەبیبە ئیتر هاوسەری کابرایەکی ترە . بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە نالی ئیتر حەبیبە لە بیری خۆی دەباتەوە , چونکە ئەوینی حەبیبە سەربەخۆیە لە ئیرادەی نالی . ئەم بابەتەش لێرەدا دوو بەرداشی ترە کە نالی دەهاڕێت . واتە لە لایەکەوە ناتوانێت واز لە خۆشەویستی حەبیبە بهێنێت و لە لایەکی تریشەوە بە حوکمی بڕوا بوونی بە ئاینی ئیسلام و مەلایەتییەکەی ناتوانێت عاشقی ژنی بە شوو دراو بێت . ئەمەش هۆیەکی ترە بۆ وون بوونی ناوی حەبیبە لە شیعرە دڵدارییەکانی ئەوە و دوای نالی دا . بەڵام ئایا نالی ئەوینەکەی بەهێزتر بووە لە

بڕوا بوونەکەی یان بە پێچەوانەوە بووە ؟ من لێرەدا ناچمە ناو ئەو باسەوە , بەڵام ئەوەی کە بۆ من ڕۆشنە , ئەوەیە کە نالی تا مرد نەیتوانی واز لە هیچیان بێنێت . هەرچۆن بێت , کۆچەکەی نالی هەرچەند دوای بێ ئومێد بوونی لە حەبیبە و بە تایبەتی دوای شیعری ( دەستم لە گەردنی خۆت هەڵ مەگرە ئەی حەبیبە )ەوە لە ڕووی بیرو بڕیارەوە دەست پێ دەکات , بەڵام لە ڕووی پراکتیسەوە ,لە دوای ئەم شیعرەوە ( نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ ), قۆناغی جێبەجێ کردنی دەست پێ دەکات.
نالی ئەم پەیمانە کە ئەدات بۆ نەچوونە ئەو ( خوارە ) ئەیباتە سەر . واتە تا ئەو شوێنە ( خوارە ) حەبیبە بە خۆیەوە نەبینێتەوە , ئەم ( نالی ) ناچێت .
نالی لە یەکێک لە دێڕەکانی تری ئەم شیعرەدا , کە ئەویش جێگای قسەو باسێکی زۆر بووە و تا ئێستاش بە تەواوی ڕوون نەکراوەتەوە , دەڵێت ( هەموو ڕۆژێ لە تاو هیجرانی ئەم ساڵ . . تەمەننای مردنی پێراره بێ تۆ). جیاوازی لە نێوان ئەمساڵ و پێراردا بە ڕای من لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە : 1-
ئەمساڵ حەبیبە کۆچی کردووە , بەڵام پێرار سەری ئەو پەتە لەئارادا بووە کە بەم کۆچەوە پەیوەست دەبێت . 2- ئەمساڵ ئەم کۆچەی حەبیبە هێندە قورس و تاقەت پڕوکێنە کە ئاوات بەو مردنەی پێرار دەخوازێت کە حەبیبە دەرخواردی ڕۆحی نالی داوە . یانی پێرار حەبیبە دوایین پەیامی خۆی بە نالی ڕاگەیاندووە . پێرار نالی لە هەڵ گیرساندنی ئاگری عەشقی خۆی لە دڵی حەبیبەدا

هیوا بڕاو بووه . پێرار تای ترازووەکه به تەواوی بەلای ئەو موددەعی یەدا شکاوەتەوه . بەڵام ئەمساڵ حەبیبه ئیتر لەبەر چاویشدا نەماوه , یانی ئەگەر جاران تروسکەیەکی خۆشیی به بوون و بینینی حەبیبەوه له دڵیابوو بێت , ئەمساڵ ئیتر ئەو تروسکەیەش نەما . 3– هەرچەنده نالی هەر له پێرارەوه هیوا بڕاو بووه له حەبیبه , بەڵام وەک کەسێکی ئایندار و بڕوا پتەو به دەسەڵات و بەزەیی خوا و وەک کەسێکی ڕۆشنبیر و ووشیاری ئەو سەردەمە و بڕوا بوون به پێشهاتی چاوەڕوان نەکراو , داوێکی باریکی ئەمەل له دڵیا بووه . هەرچەنده (دی , ئێن , ئەی ) له خانەی لەشدا هێنده باریکه که پەنجا هەزار دانەیان پێکەوه به قەد تاڵه موویەکی سەری مرۆڤ ئەستووره , بەڵام ئەگەر ئەو ئەمەلەی نالی لەوەش باریکتر بوو بێت , هێشتا هەر ئەمەل بووه و هەبووه . جا گرفتی کۆچەکەی حەبیبه لەویادا بووه کەئەو تاڵه باریکەی ئەمەلیشی نەهێشت , بۆیه نالی خۆزگه به مردنی پێرار دەخوازێت . 4– ئەوەی که تا ئێستا لەم شیعرەدا و به تایبەتی لەم دێڕەدا لێک نەدراوەتەوه ئەوەیه که نالی ئەم هاوار و گریانەی له ناخەوه هەر بۆ خۆی نییه , بەڵکو بۆ ئەو چارەنوسه تاریکەشه که تووشی حەبیبه بووه . واته نالی له دوو لاوه ئازار دەورەی داوه , یەک ئازاری دووری حەبیبه و دوو ئازاری کڵۆڵی و بەخت ڕەشیی حەبیبه خۆی . ئاخر بەوەی که نالی نەیتوانیوه مونافەسەی ئەو موددەعییەی خۆی بکات , یانی ئەو کەسه لەو سەردەمەدا کەسێکی به دەسەڵات و خاوەن جێگا و ڕگایەکی کۆمەڵایەتی بووه . وەک له بەشی یەکەمی ئەم باسەمدا ئاماژەم پێ کرد , نالی له خۆڕا باس له خوێنی خۆی ناکات که دەڵێت) :
دەستم له گەردنی خۆت هەڵ مەگره ئەی حەبیبه . . وەبزانه خوێنی خۆمه یا منەتی ڕەقیبه ) . واته نالی به حەبیبه دەڵێت , دەستم لێ هەڵمەگره و ئەمەش به هەقی ئەو خوێ◌َ◌ن ڕشتنەم سەیر بکه که لەم شەڕەدا دەڕژێت . یان لانی کەم وەکو ئەو منەته قێزەوونانه سەیری ئەم خۆشەویستییەی من بکه و بایەخی بدەرێ که ( ئەو چاودێرەت , ئەو هاوهێزەی من لەم کێشەیەدا , ئەو تاوانباره به هەقی مرۆیی تۆو به هەقی ئەوینی من ) به خۆڕادانی خۆی و شکاندنی من دەیکات به سەرتا . ئەم مینەتی ڕەقیبه که نالی لێرەدا باسی دەکات ئاماژە به دەسەڵات و پلەوپایەی کابرا دەکات که له هەندێک ڕووەوه بەسەر نالی دا هەیەتی . حەز دەکەم ئەوە ڕوون بکەمەوه که وشەی ڕەقیب هەرچەند به مانای چاودێر دێت و له شیعری کلاسیکیدا به مانای تێکدەر و مایه فیتنه _بەدکار _باسی لێوه دەکرێت , بەڵام به بڕوای من نالی لەم دێڕەدا : ( دەستم له گەردنی خۆت هەڵمەگره ئەی حەبیبه . . وەبزانه خوێنی خۆمه یا منەتی ڕ◌َ◌ەقیبه ) , ڕەقیبی له جیاتی موددەعی بەکار هێ◌َناوه . من پێم وایه نالی ئارەزوو مەندانه ئەم جێ گۆڕکێیەی له مانادا به موددەعی کردووه . ئەو کەسەی که حەبیبەی داوا کردووه , کەسێک نەبووه له مەیدانی سات و سەودای دڵداریدا لاف و گەزاف لێ بدا و خۆی وا بناسێنێ به حەبیبه و به خەڵکیش که گوایه خۆشەویستی هیچ کەسێک بۆ حەبیبه ناگاته ئەژنۆی خۆشەویستی ئەم – واته موددەعی _ . ئەو کەسه کەسێکی دەست ڕۆیشتووی خاوەن جێگا و ڕێگای کۆمەڵایەتی بووه . وە دیاره ئەو کەسه به ڕێگای دڵی حەبیبەدا نەچووەته خوازبێنی حەبیبه , بەڵکو به ڕێگای باوک و کەسوکاری حەبیبەوه کارەکەی به ئەنجام گەیاندووه . کەواته ئەم کابرایه نه موددەعی بووه و نه خوازبێنی کەرێکی ئاسایی بووه , لەم نێوەدا زیاتر وەکو زەوتکەرێک هاتووه .
له بارودۆخێکی ئاوادا وشەی ڕەقیب گەلێک جێگیر تره له وشەی موددەعی . ئەم کابرایه بۆ ماوەی دوو ساڵ هەم چاودێری کردووه ( له لایەن کاسه لێسەکانیەوه ) به سەر حەبیبەوه و هەم دەوری

تیًًَکدەریشی بینیوە بەوەی کە حەبیبە هەرچەندە عاشقی نالی نەبووە بەڵام پەیوەندی ئاساییشی لە گەڵدا بڕی . کەواتە وشەی ڕەقیب کە بە مانا حەرفییەکەی چاودێرە و وەک بەکار هێنانیشی لە شیعری کلاسیکیدا تێکدەر وە یان بەدکارە , پڕ بە پێستی خۆیەتی بۆ ناساندنی ئەو داگیرکەرەی حەبیبە . ئەمە جگە لەوەی کە بەکار هێنانی وشەی ڕەقیب لە جێی موددەعی , بیانووشی لە دەست ناحەزان و پڕوپاگەندە چییان پێ خستووەتە خوارەوە .

نالی لە شیعرێکیدا دەڵێت : ( نوکی خامەی من کە بێتە مەعنا ئارایی کەمال . . خەت بە خەت ئیزهاری نەخشی سورەتی مانیی دەکا ) . یانی نالی پێمان دەڵێت کە دەبێت ئاگامان لە لێکدانەوەی شیعرەکانی بێت و هەر وا بە ئاسانی و بە بێ تێرامانی قووڵ لە واتاکانی بە سەریا تێ نەپەڕین . یانی نالی هەرچەندە مەبەستی ڕۆشنە لە شیعردا , بەڵام مەعنا ئارایی لە شیعریدا بەهێزە و سادەیی لە مەعنادا خاسیەتی شیعری ئەم نییە . لێرەدا بە شیاوی دەزانم کە بڵێم ئەم شیعرەی (نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ ) بە دوو ساڵ دوای ( دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە ) داناوەو هەردووکیان ئەمسەر و ئەوسەری کێشەیەکن . نالی قەت بە لای ئەوەدا نەچووە کە دوورکەوتنەوەی حەبیبە زۆر لە وازهێنانەکەی دژوارترە . ئەم جارەیان نالی بە بارێکی تردا کڵپە دەستێنێ : ( دەروونم خاڵییە , وەک نەی دەناڵێ . . هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ ) . دەروونی خاڵییە , چونکە جاران حەبیبە بە قژە درێژەکەیەوە ( ئەو سیلسیلە وا میشکی خەتا نێوی براوە . . پڕ پێچ و شکەن , خەم بە خەم و , حەڵقە کراوە ) و بە بەرگی ئاڵ و واڵا و بە لەنجەولارە دڵفرێنەکەیەوە ( شەوچەپکەنی نەیلۆفەری یو جلوەیی ڕەقسی . . شەرمندە دەکا زوهرەیی زەهرا لە سەمادا ) و بە پێستەسپییەکەیەوە )لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان . . بەیانی دا سپیدەی باخی سێوان ) و بە چاوە شاهێنەکانی و زمانە شیرینەکەیەوە ( شاهێنی دیدەبازە , مەستی شەرابی نازە . . دڵدار و دڵ نەوازە , دڵ کێش و دڵ فریبە ) , لە دەروونی نالیدا ئامادە بوو . وێنەی ئەم ئامادە بوونەش هەموو جارێک لەکامێرای چاوی نالی یەوە تازە دەبووەوە . بەڵێ جاران دەروونی نالی ئاوا ئاوەدان بوو بە حەبیبە , بەڵام ئێستا خاڵییە . خاڵییە چونکە بێ حەبیبە نە ئاهەنگی پەنامەکی تیا ساز ئەدرێت و نە ژووانی ڕۆژانەیخەیاڵی ئەم و وێنە زیندووەکانی ئەوی تیادروست دەبێت . نەک هەر ئەوەندە بگرە هەر خەریکی ناڵینە . هێندە لە ناخەوە هاوار هاواریەتی بۆ حەبیبە کە ناخی بووە بە هەوارێکی پڕ لە هاوار .

نالی لە لایەکەوە دەروونی خاڵییە , لە بەر ئەوە نا کە حەبیبەی هەر بە تەواوی تیا نەماوە , چونکە حەبیبە – با لەمەو دوا وەکو یادگاریش بێت – هەمیشە دانیشتووی هەواری گیانی ئەوە , بەڵکو لە بەر ئەوەی کەحەبیبە هەم وەکو بوونی فیزیکی لەو شوێنە نەماوە و هەم وەکو ژیانیش کارەسات برا بە بەریا و چرای شۆرو شەوقی دڵیشی ( واتە دڵی حەبیبە ) کوژێنرایەوە . دەروونی نالی خاڵًَییە چونکە حەبیبە بەو شێوەیەی کە دەبوا لە دەروونیدا بووایە وونە و دیار نییە . حەبیبەیەک کە دەبوایە بە دەم ژیانەوە پێکەنیایە ئێستا ژیان لە کەژاوەی گریاندا دایناوە . کەواتە حەبیبە وەکو ئەوەی کەجاران دەروونی نالی پێ ئاوەدان بوو ئێستا مەوجود نییە و بێگومان دەروونی نالیش بێ ئەو مەوجودبوونە خاڵی دەبێت . ئاخر هەتا حەبیبە لەو شارە مابوو , ئەم دەروونی بە زانینی هەواڵی هەموو ڕۆژەی حەبیبە و خودی جوانیی حەبیبە و چاوەڕوان کردنی پێشهاتی نادیار ئاوەدان بوو . کەچی ئێستا لە جێگای ئەوانە , دەروونە خاڵییەکەی بە بەسەرهاتی تاڵ و هاوار هاوار و ژیانی ئەمەو دوای پڕ کوێرەوەری خۆی و حەبیبە ئاوەدانە . نالی لەم کاتەدا

هێندە هەست بە تەنیایی دەکات کە پێنازانێ لەو شارەدا زیندەوەرێکی تر هەبێت . لە باری دەروونییەوە هەست بە بوونی خەڵکی تر ناکات, لە بەر ئەوەی لە باری ڕۆحییەوە ئاوێزانی خەفەتێکی هێندە گەورەی دوو لایەنە بووە ( خۆی و حەبیبە ) کە هەموو بیر و هۆشی لە گەڵێیا دەرگیر بووە . ئەم شارە بە بێ حەبیبە کەسی تیا نییە بۆ نالی . لەبەر ئەوە نییە کە حەبیبە لە خەڵکی ئەو شارە گرنگترە , نا , نالی ئاوا بە چاوی نزمەوە سەیری خەڵێکی ئەو شارە ناکات . واتە بوونی ئەو خەڵکە لەو شارەدا ناخاتە پاشکۆی بوونی حەبیبە وە . فەزڵی حەبیبە ئاوا نادا بە سەر هەموو خەڵکی ئەو شارەدا . مەبەستی نالی ئەوەیە کە لەو شارەدا حەبیبەیەکی تری بۆ نالی تیا نییە . کەسێک نییە ئەو تاسەیەی نالی وەک حەبیبە بشکێنێ . ئەم شارە بۆ نالی کەسی تێدا نییە , ئەگینا خۆ شارەکە پڕە لە خەڵک و نالیش خۆی لە شیعرەکەدا دان بەوەدا دەنێ . ئەم تەنیا عاشقی حەبیبەیە , یانی عاشقی کەسی تر نییە . ئەگەر حەبیبە بڕوات , یانی کەسێکی تر نییە جێگای ئەوی بۆ بگرێتەوە . کەواتە ئەم شارە سەبارەت بە نالی کەسی تێدا نییە , چونکە حەبیبە ڕۆیشتووە و ئەمیش – واتە نالی – بەو ئازارەوە ئەتلێتەوە و هەموو ئەقڵیشی بە تەواوەتی خستووەتە خزمەتی ئەم گیروگرفتەوە . کەواتە نالی ناهەقی نییە کە هەست بە بوونی کەس ناکات لە دەوروبەری خۆیدا . کەواتە هەست نەکردنی نالی بە بوونی خڵکەکە لەو شارەدا دوو لایەنەیە . لایەکیان بێ ئاگایی خۆیەتی بە هۆی گیر بوونیەوە بە خەفەتێکی تاقەت پڕوکێنەوە و لایەکەی تریشیان نەبوونی کەسێکە لەو شارەدا کە جێگای حەبیبەی بۆ بگرێتەوە . ( لە کن من با وجودی ناس و ئەجناس . . کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ ). ئەوەتا لە بەیتەکەدا دەڵێ ( باوجودی ناس و ئەجناس ) , واتە نکوولی لە بوونی خەڵکەکەو سەربەخۆ بوونیان لە حەبیبە ناکات – واتە پاشکۆیبوونی حەبیبە نین – , بەڵکو نکوولی لە تام بردن لە ژیان و ئاوەدانی دڵی خۆی دەکات . نالیلە دێڕێکی تری ئەم شیعرەیدا دەڵێت ( بینایم کوێرە هەڵنایێ بە ڕووی کەس . . موژەم یەک یەکدەڵێی بزمارە بێ تۆ ) . یانی بۆیە بینایم هەڵنایێ بە ڕووی کەسدا , چونکە برژانگەکانم دەڵێی بزمارن بە چاومدا داکوتراون . برژانگەکانم لەوە دەرچوون کە پارێزگەری چاوەکانم بن . ئێستا بە دەست و چەکوشی ئەم کۆچەی تۆ دەڵێی بزمارن بە چاوما داکوتراون و بیناییان لێ سەندوومەتەوە . لە بەر ئەوەی من ئاوا کوێر بووم , ئیتر ناتوانم کەس ببینم . کەواتە نالی لەم دێڕەشدا هێما ناکات بۆ ئەوەی ڕقی لەو خەڵکە بێت و هێندە بە سووک سەیریان بکات کە نە بایەخ بۆ بوونیان دابنێت و نە شیاوی ئەوە بن کە بێ حەبیبە خاوەنی بیر و هەستی مرۆیانەی خۆیان بن . نالی بۆیە برژانگەکانی دەشوبهێنێ بە بزمار , بۆ ئەوەی تێمان بگەیەنێ کە ئەوە بەدەر لە ئیرادەی نالی یە و تاوانی ئەوی تێدا نییە . هەتا حەبیبە نەیەتەوە , ئەم بزمارانە دەرنایەن و ئەم چاوانەش ناکرێنەوە . ئێ حەبیبە تازە ڕۆیشتووە , کەواتە نالیش ئیتر ناتوانێت لەو شارەدا دابنیشێت , چونکە بێ حەبیبە کوێرە و ناتوانێت کەس ببینێت . ئەم هەست کردنە ڕهایەی نالی بە تەنیایی , لەوە دەچێت لەو شارەدا جگە لەم مەرگەساتەی , ناحەزانیش تەنگیان پێ هەڵێ چنیبێت و هێندەش پیلانەکە گرێچن بووبێت لە سەری , کە هیچ کەسێک بۆی نەکرابێت بە هانای نالییەوە بێت و بۆیە ئەویش لەم شیعرەیدا لەوانەیە ویستبێتی سەرەڕای مەبەستەکەی ئەو پەیامە گلەیی ئامێزەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەو خەڵکە ڕابگەیەنێت .

هەتا تۆم ئاشنا بووی , ئاشنام بوون . . ئەمێستا موو بە مووم ئەغیارە بێ تۆ ) (واتە تا تۆ ئاشنام بووی بە چاوێکی گەش و ڕوونەوە سەیری دنیام دەکرد و هەرچی لەم شارەدا هەیە – کە لە بەیتی

پێشوودا باسم کردن = هەموو ئاشنام بوون و بە هۆی دڵی شادمەوە لە گەڵ ئەو هەموو خەڵکەدا هەڵدەستام و دائەنیشتم . بەڵاَم ئێستا کە تۆم نەماوی و ڕۆیشتووی , لە گیانی خۆم بێزار بووم و گوێ نادەمە هیچ شتێک و هیچ کەسێک , تەنانەت موو بە مووی لەشی خۆیشم لا بووتە بێگانە . . ئەشگونجێ مەعنای نیوەی یەکەمی بەیتەکە بەم جۆرە بێ : تاتۆم ئاشنا بووی , ئاشنام هەبوو . . )لاپەڕە 383.

ئەمەی سەرەوە لێکدانەوەی سێ مامۆستاکەی دیوانی نالی یە بۆ ئەو دێرە شیعرەی سەرەوە . پێش ئەوەی بە باری بۆچوونی خۆمدا ڕاڤەی دێرەکە بکەم , دەڵێم مەسەلەی دروست بوونی ئاشنایەتی مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییە . واتە لە پرۆسەی ژیانی واقیعی خەڵکدا ئاشنایەتی دروست دەبێت. کەواتە ئەم ئاشنایەتییە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە دڵی خۆش و ناخۆشی مرۆڤەکانەوە نییە .

ئەو دیاردەیە زیاتر لاوەکییە و ناتوانێت ببێت بە پایەیەکی مادیی پرۆسەی ئاشنا بوون . بێگومان نە نالی ئاوا بیری کردووەتەوە – وەک لێکدانەوەی ناو کەوانەکەی سەرەوە – و نە شیعرەکەش بەو ئاقارەدائەڕوا . ئەگەر بە پێی لێکدانەوەی دووەمیشیان لەگەڵ شیعرەکەدا بڕۆین کە گوایە تا حەبیبە ئاشنای نالی بووە , نالی ئاشنای هەبووە . یانی چونکە حەبیبە لە ئارادا نەماوە ئیتر ئەوانە لە ئاشنایەتی نالی چوونەتە دواوە .باشە ! بۆ دەبێت لە خیلالی حەبیبەوە یان بە هۆی کەسایەتی حەبیبەوە خەڵک ئاشنایەتیان لەگەڵَ نالیدا بەستبێت ؟ بۆ دەبێت حەبیبە ئەم سەنتەرە بووبێت کە نالی و خەڵک لێیەوە بە یەکتری ئاشنا دەبن ؟ بۆچی حەبیبە ئەم پلەوپایە کۆمەڵایەتییەی هەبووە ؟ وە ئەگەر وابووە بۆچی خستوویەتیە خزمەتی نالییەوە , لە کاتێکدا کە ئەوینداری نالیش نەبووە ؟ کەواتە ڕاڤەی ئەو دێرەی سەرەوە بە هەردوو بارەکەدا ناگونجێ و دەبێ بە شوێن مانایەکی ترەوە بین بۆی . من دەڵێم نالی بۆیە دەڵێت : ( هەتا تۆم ئاشنا بووی , ئاشنام بوون ) , یانی ئەو خەڵکە لە دووتوێی کێشەکەیانەوە ئاشنا بوون بە نالی . واتە مەسەلەی خۆشەویستی نالی بۆ حەبیبە و قسە و باسی خەڵک لە سەر ئەو کێشەیە بووە بە هۆی ئەوەی کە خەڵکانێکی زۆر ببن بە ئاشنای . ئەم ئاشنایەتییەی خەڵک لەگەڵ نالیدا ئەوەندەی پەیوەندی بەو داستانی عەشقەوە هەیە , نیو ئەوەندە پەیوەندی بە خودی نالی خۆیەوە نییە . کەواتە تا حەبیبە شووی نەکردووە و نەڕۆیشتووە , قسە و باسی خەڵک لە سەریان گەرم بووە و ئەمەش بۆ خۆی خەڵکانێکی زۆری بە نالی ئاشنا کردووە . بەڵام لەگەڵ ڕۆشتنی حەبیبەدا ئیتر ئەم داستانە لای خەڵکەوە بەرە و کۆتایی هاتووە و لە هەمان کاتیشدا چونکە نالی لەم کێشەی عەشقەدا دۆڕاوە ئیتر جێگای سەرزەنشتیشە . سۆفییەکان و نەیارانی تری نالی وەکو جوڵانەوەی هەمیشەیی خۆیان ئەم کارەساتە دەکەن بە ئامرازێکی تری هێرش بردن بۆ سەر نالی و لە ناو خەڵکدا کەسایەتی ئەوی پێ لەکەدار دەکەن.

ئەڵبەتە هەموو کێشەیەکیش کە دەگاتە کۆتایی بۆ خۆی قسەوباس لە سەری کەم دەبێتەوە و پاش ماوەیەک خەڵک لە سەری خامۆش دەبێت . بەم پێیە بێ , نالی لە لایەکەوە کەوتووەتە بەر پڕوپاگەندەیقورسی نەیارەکانیەوە و لە لایەکی تریشەوە چونکە کێشەکە خۆی کۆتایی هاتووە و ئاشنایەتی خەڵک لەو بارەیەوە و بە قازانجی نالی بووە بە سفر , کەواتە نالی هەموو کەسێک لە سۆنگەی ئەوینەکەیەوە بە بێگانە دەزانێت و ڕێک مەسەلەکەش لە واقیعدا ئاواهی شکاوەتەوە بە سەریا . نالی ئێستا ئیتر کەوتووەتە ناو چوارگۆشەیەکی نەهامەتییەوە . یەکەمیان کارەساتی دوور

کەوتنەوەی حەبیبەیە لێی , دووەمیان ژیانی پڕ لە کوێرەوەری حەبیبەیە کە تێی کەوتووە , سێیەمیان هێرشی بێ بڕانەوەی ناحەزەکانیەتی , چوارەمیشیان تێکشکانەکەی لەو مەیدانی ئەوینەدا بووە بە هۆی تێکشکانیشی لە مەیدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا . کەواتە نالی ئا لێرەدایە ( لە مەیدانی تێکشکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا لە مەڕ ئەوینەکەیەوە ) دەگاتە ئەوەی کە بڵێت : ( هەتا تۆم ئاشنا بووی , ئاشنام بوون . . ئەمێستا موو
بە مووم ئەغیارە بێ تۆ ) . بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە نالی لای خەڵک تەنیا مەلایەک نییە کە عاشقی حەبیبە بوو بێت , بەڵکو جگە لە مەلایەتییەکەی هەم ڕۆشنبیرە و هەم بە تواناترین شاعیریشە . واتە لەم ڕوانگەیەوەیە کە خەڵک بە دەربەستی هەموو ( حەرەکات و سەکەناتێکی ) نالییەوە بوون . ئەگەر بچینەوە سەر هەمان دێڕی شیعرەکە : ( هەتا تۆم ئاشنا بووی , ئاشنام بوون ) , لەوانەیە هەبێ بلێت باشە کێ ناڵێت نالی باس لەوە ناکات کە بڵێت بە حەبیبە , هەتا تۆ ئاشنای من بووی , زۆری تریش هەبوون وەکو تۆ ئەیانویست , ئاشنایان بم بەڵام ئێستا ئەوانیش بوون بە بێگانە . ئەگەر وابێت ئەوە دەگەیەنێت کە نالی هەم کەسایەتی خۆی لەکەدار دەکات ( لەوەی کە لە یەک کاتدا پەیوەندی لەگەڵ حەبیبە و چەندەهای تریشدا هەبووە ) و هەم سوکایەتی بە حەبیبە دەکات و هەم پرسیارێکی بێ وەڵامیش بەجێ دەهێڵێ ( واتە ئەو ئافرەتانەی تر کە ئاشنای نالی بوون و وەک حەبیبە وا بوون بۆ نالی,  بۆ بە کۆچ کردنی حەبیبە ئیتر واز لە نالی دێنن , لە کاتێکدا کە دەبوایە پێچەوانکەی ڕاست بووایە ؟.( بێگومان ئەو بۆچوونە لە ڕاڤە کردنی بەیتەکەدا سەبارەت بە پەیدا کردنی چەندین حەبیبەی تر بۆ نالی و هاو زەمانیش لەگەڵ حەبیبەکەی خۆیدا هێندە نادرووستە کە دەچێتە خانەی دژایەتی کردنی نالی یەوە . بەڵام ئەوە زۆر واقیعیە کە ئاشنا بوونی گشتی خەڵک بە نالی لە دووتەێی ئەویندارییەکەیەوە بووە بە حەبیبە و لەوێشەوە یە کە نالی ستایشی حەبیبە دەکات و فەزڵی ئەو ئاشنا بوونە دەگەڕێنێتەوە بۆی و ئاماژەش بە ڕاستییەک دەکات لە هەڵگەڕانەوەی ئەو ئاشنایەتیە بە بێگانە بوون کە فاکتە و تەنانەت خۆیشی هێندە بێزارە لە خۆی کە یەک بە یەکی مووەکانیشی بوون بە بێگانە پێی . نالی لە خۆیەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو هەموو خەڵکەدا پەیدا نەکردووە و لە خۆیشیەوە نایبڕێت . ئەوە خەڵکن کە لە دووتوێی ئەم عەشقەی نالییەوە بۆ حەبیبە , دێن و ئاشنا دەبن پێی , وە ئەوەش خەڵکن کە سزای تێکشکانی پاڵەوانەکەی خۆیان دەدەن و هەر یەکە لە ئاستی خۆیەوە ئاشنایەتی بوونەکەی بە نالی ڕادەکێشێتەوە . لێرەدا دەبێت ئاگاشمان لەوە بێت کە ئەوە تەنیا نالی یە توانیویەتی لە بەرامبەر هێرشێکی ئاوا چوارقۆڵیدا – لە سەرەوە بە شێوەی چوارگۆشەی مەینەتی ئاماژەم پێکرد – ڕابووەستێتەوە و درێژەش بە ژیانی شیعری خۆی بدات .
ئەوەی جێگای سەرنجە لەم شیعرەدا نالی لە دێڕێکیدا دەڵێت : ( لە کن تۆ خاروخەس گوڵزارە بێ من. .
لە کن من خەرمەنی گوڵ خارە بێَ تۆ ) . – واتە گلەیی لە حەبیبە دەکات و سەرزەنشتی ئەو بێ وەفاییەیحەبیبە دەکات , کە گوایە دڕک لە لای تۆ ( لای حەبیبە ) وەکو گوڵ وایە بێ من . بەڵام لای ئەمیشەوەڕێک بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی حەبیبەوە , خەرمانی گوڵ وەکو دڕک وایە – . ئەمە ئەو لێکدانەوە نادروستەیە کە بۆ ئەم دێڕەی نالی لێکدراوەتەوە . ئاخر نالی ئەگەر گەیشتبێتە لوتکەی خۆشەویستی حەبیبە لەم شیعرەدا , ئیتر چۆن بەو شێوەیە سەرزەنشتی حەبیبە دەکات ؟ بێگومان ئەو جۆرە گلەیی و سەرزەنشتانە لە نالی ناوەشێتەوە . هەموو جارێک نالی ئەوەمان بۆ

دووپات دەكاتەوە كە بۆ مانای شیعرەكانی دەبێت قووڵتر دابچین . چونكە نالی خۆی لە چەندین شیعردا ئەمەی پێ ڕاگەیاندووین:

)كەس نەڵێ ئەلفازی نالی , خۆكردیە , خۆ كوردییە . . هەر كەسێك نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنادەكا ) لاپەڕە 107 . ( دەورانییە , وەك هێڵەكی سەودا سەری گێژم . . بۆیە بە دەقیقی , مەسەلە هەرچی دەبێژم ) لاپەڕە 276 . ( نووكی خامەی من كە بێتە مەعنا ئارایی كەمال . . خەت بە خەت ئیزهاری نەقشی سورەتی مانی دەكا ) لاپەڕە 103 . نالی كە دەڵێت : ( لە كن تۆ خار وخەس گوڵزارە بێ من ( قەت مەبەستی شكاندنی حەبیبە نەبووە و نییە , قەت ئەوەی بە خۆی ڕەوا نەبینیوە هێرش بكاتە سەر بیری زیتی حەبیبە و بە كەسێكی نا ووشیاری بداتە قەڵەم . نالی هیچ وەختێك خۆی ناگەیەنێتە ئەو ڕادەیەی خۆی بە سەر حەبیبەدا ڕابات و ئەقڵی خۆی بە بانتر بزانێت لە ئەقڵی حەبیبە , بە تایبەتی لە شیعرێكی ئاوادا كە خەفەتی نەك دووریەتی حەبیبە لە خۆی بەڵكو خەفەتی كوێرەوەری حەبیبەش دەخوات . نالی چۆن حەبیبە لە باری هۆشەوە ئەوەندە نزم دەكاتەوە كە هەموو دڕكێكی لا گوڵ بێت , بە مەرجێك نالی مەوجود نەبێت . لێكدانەوەی ئاواهی بۆ شیعری نالی بە ڕاستی نا دروستە . نالی هەمیشە ڕاستگۆ بووە لە شیعردا . لێرەشدا هەر ڕاستگۆیانە قسە دەكات . نالی لێرەدا زۆر جوان ئامانجی پێكاوە و زۆر شاعیرانە وێنەی كێشاوە . نالی دەڵێت چونكە حەبیبە خۆی بۆن خۆشترین و جوانترین گوڵە , هەرچی دڕك و داڵ هەیە كە دێتە كن ئەم گوڵە , بۆ خۆیان دەبن بە گوڵستان . یانی حەبیبە تەنانەت ئەم كابرا دەبەنگەی كە ئێستا لە گەڵتایە , ئەم ناحەزەی من , ئەم زەوتكەرەی جوانیی تۆ , ئەم دڕكە , جوانیی و بۆن خۆشیی تۆ هێَندە زۆر و هێندە سەرنج ڕاكێشە كە ئەویشی خستووەتە بەرگی گوڵەوە . ئەڵبەتە تا ئەو ساتە ئەو كەسە یان هەركەسێك و دڕكێكی تر دەچێتە حاڵەتی گوڵەوە كە لە كن حەبیبەیە . هەر ئەوەندەی لە كن حەبیبە نەما ئیتر ئەو كەسە دەچێتەوە حاڵەتی جارانی . حەبیبە گوڵكی هێندە ناوازەیە , هەرچی دڕك و داڵ هەیە بیهێنەرە لایەوە دەبێت بە گوڵ . كەواتە نالی ڕاست دەكات لە كن حەبیبە خار و خەس گوڵزارە . نالی لەم دێڕەدا خەفەتی ئەوە دەخوات كە لە كن حەبیبە نییە تا ڕەنگی گوڵی لێ بنیشێت . یانی لە كن تۆ ( حەبیبە ) خار و خەس بەختەوەرە چونكە دەبێت بە گوڵزار , بەڵام بە داخەوە كە ئەو بار و دۆخە بێ من – نالی – ە . نالی لە نیوە دێڕی دووەمی ئەو بەیتەدا هێرش دەكاتە سەر خۆی و دەڵێت , من دڕكێكی هێندە ناهەموارم كە خەرمەنی گوڵیش بێتە كن من دەبێت بە خار – دڕك – . نالی لەم بەیتەدا گەورەیی حەبیبە و بچوكی خۆی , گوڵیەتی ئەو و دڕكیەتی خۆی , خاوەن بەختیی ئەو – بەڵام بۆ خەڵك – و بەدبەختی خۆی پیشان ئەدات . گیروگرفتەكە لەویادایە كە نە نالی لای حەبیبەیە تا ئەمیش ببێت بە گوڵ , وە نە حەبیبەش لای نالییە تا لە دڕكیەتی ڕزگاری بكات . نالی ناڵێتكە لە بەر خاتری حەبیبەیە ئەم – واتە نالی – گوڵیش بێتە لای دەیكات بە دڕك . یانی لە داخی دووریەتی حەبیبە نییە كە نالی ئەوەندە خەفەتبارە كە گوڵیش وەكو دڕك وایە لای , بەڵكو بەدەر لە ئیرادەی نالی خۆی , چونكە حەبیبەی لێوە دوورە و لای نییە , ئیتر ئەگەر خەرمانێك گوڵیش بێتە لای نالییەوە , بۆخۆیان ئەو گوڵانە دەبن بە دڕك و داڵ . یانی نالی گوڵ وەكو دڕك سەیر ناكات , بەڵكو گوڵەكان خۆیان دەبن بە دڕك . ئەمەش لە توانای نالی بەدەرە و بە بێ ئەوەی خۆی ئیرادەی هەبێت بە سەریا , ژیانی بەسراوەتەوە بە بوونی حەبیبەوە لە گەڵیدا . خۆ ئەگەر نالی بە حەبیبەش نەگات ئەوا هەر بوونی حەبیبە لەو شوێنەدا كە نالی تیا دەژی و ئاگادار بوونی نالی لە بوون و بێوەیی و دڵخۆشی ئەو ,

بۆ ئەم جێگای ڕاحەتیی گیانە و ئەو خاسیەتی گۆڕاندنی گوڵەش بە دڕکی لێ دەکەندرێتەوە . ئێستا هەردووکیان لە دوو شوێنی جیاواز و دوور لە یەکتر ژیان بەسەر دەبەن . هەرچەندە ژیانی هەردووکیان بە بەدبەختی داگیراوە , بەڵام حەبیبە ئەو خاسیەتەی هەیە کە دەتوانێت بەختەوەریی بە خەڵک ببەخشێت و ئەمیش ( نالی( ئەو خاسیەتەی هەیە کە بەختەوەرییش بێتە نزیکیەوە ( لەبەر ئەوەی حەبیبەی لا نییە ) بەدبەخت دەبێت . ئەوەی کە دەمێنێتەوە بیڵێم : ئەگەر حەبیبە هاوسەری ژیانی خۆی بە ئازادیی هڵبژاردایە و دڵخۆش بووایە بەو ژیانە تازەیەی , ئەوا نالی ئەم شیوەنەی بۆ نەدەکرد و خۆشبەختی حەبیبە زامی دڵی ئەمی ساڕێژ دەکرد . لای من ڕۆشنە کە ئەم گریانەی نالی چەند لە بەر خۆیەتی , ئەوەندە و بگرە زیاتریش لە بەر ئاسۆی نادیاری ژیانی حەبیبەیە .

**ماویەتی**

**بژار**

9-7-04